# کارەکتەر لەنێوان دنیای نێو ڕۆمان و دنیای ڕاستەقینەدا

عەلی عوسمان یاقوب

ئەرەستۆ دەڵێ، شیعر لە فەلسەفە کاریگەرتر و لە مێژوو ڕاستگۆترە، چونکە شیعر ڕاستییە سەرتاسەرییەکان دەردەبڕێ، بەڵام مێژوو ڕاستییەکی دیاریکراو دەگێڕێتەوە. ئەم قسەیە مشتومڕی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و هەندێک لە توێژەرەکان لە پانتاییەکی فراوانترەوە سەیری بانگەشەکەی ئەرەستۆیان کرد، بە ڕادەیەک نەک هەر شیعر، بەڵکوو هەموو ئەدەب بگرێتەوە، بەڵام ئەوەی بۆ ئەم باسەی ئێمە گرنگە ڕۆمانە، کە کارەکتەر و ڕووداوی تیادا پیشان دەدرێ. بۆیە، دەکرێ بپرسین: چۆن ڕۆمان، کە لە بنچینەدا لە چەند ڕووداوێکی دیاریکراو پێک هاتووە، ڕاستییەکی سەرتاسەری یا گشتیمان پێ دەبەخشێ؟

مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی بانگەشەی ئەوە بکا، کە دروستکردنی کارەکتەر لە ڕۆماندا، ئەگەر ئەو ئاماژانەی، کە لێی دەبنەوە، لەبەر چاو بگرین، ڕاستییەکی سەرتاسەری یا گشتیمان پێ دەبەخشێ. بە واتایەکی تر، پێویستە کارەکتەری ڕۆمان بەو شێوەیە وەربگیرێ، کە نموونەی چینێکی دیاریکراوە لە خەڵک. لە ئەنجامدا، ئەو ئاماژانەی لەم کارەکتەرە دەبنەوە، هەروەها ئەو ڕووداوانەی بە سەر ئەم کارەکتەرەدا دێ، گوزارشت لەو چینە و هەروەها لەو ڕووداوانەی تووشی ئەو چینە دێن، دەکەن. بێگومان ئەم بانگەشەیە، ئەگەر وردتر سەیریی بکەین، چەند کێشەیەکی لێ دەکەوێتەوە. چۆن؟ ئاشکرایە، کە ڕۆماننووس لە هیچ شوێنێکی ڕۆمانەکەی، ڕاستەوخۆ باس لەوە ناکا، کە کارەکتەرەکەی گوزارشت لە چینێکی دیاریکراو لە خەڵک دەکا. ئەوەی مەزەندەی ئەم دەرهاویشتەیە دەکا، ئێمەی خوێنەرین. زۆر جاریش هیچ بەڵگەیەک بۆ ئەم دەرهاویشتەیە لە ڕۆمانەکەدا نییە. ڕۆماننووس ڕێبازی ژیانی مرۆڤێکی تاک دەکێشێ، کە ڕەنگە گوزارشت لە چینێکی دیاریکراوی خەڵک بکا یا نەیکا، بەڵام ڕۆماننووس، خۆی، دوور و نزیک، گشتاندن بۆ ئەم گوزارشتکردنە ناکا. ئەمە یەکێکە لە ڕاستییەکانی ڕۆمانی سەرکەوتوو. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەو کارەکتەرە، کە گوزارشت لە چینێکی دیاریکراو دەکا، لە هەمان کاتدا، هەر لە چوارچێوەی ئەم چینە خەڵکەدا، سەر بە توێژێکی تریشە. بۆ نموونە، دەکرێ ژن یا پیاو بێ، یان گەنجێکی ناپاک، ڕابەرێکی گەشتیاری، مامۆستایەک، پزیشکێک یان کەسێکی ڕەوشتبەرز و هەزاران نموونەی لەم شێوەیە بێ. بۆیە، ئەگەر کەسێک سەر بە چینە خەڵکێکی دیاریکراو بێ، مانای ئەوە نییە دەبێتە نموونەی ئەو چینە، بە تایبەتی کاتێک ئەم بەنموونەبوونە وا وەربگیرێ، کە گوزارشتە لە تەواوی کۆمەڵە خەڵکێک، خەسڵەت و تایبەتمەندیی هاوبەش و دیاریکراویان هەیە، کە جیاوازن لە خەسڵەت و تایبەتمەندێتییەکانی کۆمەڵە خەڵکێکی تر و هیچ نیشانەیەکی جیاکەرەش

لەنێوان ئەندامانی سەر بەو کۆمەڵە خەڵکەدا نییە، ئەگەر هەش بێ، زۆر دەگمەنە. لێرەدا دەتوانین بڵێین، بایەخی گوزارشتکردنی ئاوا لەباری سایکۆلۆژییەوە هەرچییەک بێ، بەڵام کارەکتەری سەرەکی ڕۆمان نابێتە نموونە بۆ چینێکی دیاریکراو و بایەخەکەشی بۆ ئێمە، ئەوە نییە، کە دەبێتە نموونە بۆ ئەو چینە. ئەوەی لە خوێندنەوەی هەر ڕۆمانێکدا بە مێشکی ئێمەدا دێ، ئەوەیە، کە ئەو کارەکتەرە تاکێکە بە هەموو تایبەتمەندێتییە کەسێتییەکانییەوە، هیچ تاکێکیش لە دونیادا نابێتە نموونەی چینێک، سەبارەت بەوەی هەموو تاکێک نیشانەی کەسێتیی جیاکەرەوەی هەیە، کە لەو چینە، جیای دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر کارەکتەرێکی ڕۆمان گوزارشت لە چینێکی دیاریکراو بکا، کەواتە، هیچ بایەخ بەم تایبەتمەندێتییە و نیشانە جیاکەرەوە کەسێتییە نادا لە کارەکتەرەکە. بێجگە لەمەش، کێشەی گوزارشتکردنەکە لەوە دایە، کاتێک یەکێک لەو تایبەتمەندێتییە جیاکەرەوە کەسێتییانە بە پێویست دەزانرێ بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان یان هەر بەرێکەوت دەردەکەوێ.

ئێمە ناتوانین وتەیەکی گشتی دەربارەی ڕەفتارکردن، بۆ هەموو کەسێک بە ڕاست بزانین، چونکە خەڵک لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتدا جیاوازن، ناتوانین بڵێین "هەموو کەسێک بە ڕەخنەلێگرتن تووڕە دەبێ"، چونکە هەندێک کەس هەن، وانین. ئەگەر مەودای وتەکە سنووردارتر بکەین و بڵێین: "ئەو کەسانەی سەر بە فیسار ڕەگەز یا توێژن، ئەوا ڕەفتار و هەستکردنیان شێوەیەکی دیاریکراو وەردەگرێ" و گشتاندن بۆ ئەم وتەیە بکەین، هێشتا هەندێک خەڵک هەن لەم پۆلینکردنە جیا دەبنەوە، چونکە ئەگەر یەکێک لە چوارچێوەی ئەم توێژە یا ڕەگەزەدا، ڕەفتار و هەستکردنی جیاواز بێ، دەتوانین بڵێین سەر بەو توێژ یا ڕەگەزەکە نییە، بەڵکوو سەر بە توێژی ترە.

با، بەدەر لە چین و ڕەگەز و توێژە کۆمەڵایەتییە جیا جیاکاندا، وتەیەکی تر تاقی بکەینەوە دەربارەی هەڵسوکەوت یا هەستێکی تایبەتیی کارەکتەرێکی ڕۆمان، لەژێر هەلومەرجێکی دیاریکراودا، دەتوانین بڵێین، هەر کەسێک، کە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەبێ، وەک ئەوانەی نووسەر دەیانخاتە پاڵ کارەکتەرەکەوە لەناو کۆمەڵێک هەلومەرجی دیاریکراوی، وەک ئەوەی نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا باسی دەکا، ئەوا ڕەنگە یا پێویستە بەو شێوەیە ڕەفتار بکا یا هەست بکا، کە نووسەرەکە بۆ کارەکتەرەکە دەیخاتە ڕوو.

ئێمە زۆر جار ڕەخنە لە شێوازی ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری کارەکتەری ڕۆمان دەگرین، چونکە وەکوو کەسێکی ئاسایی ڕەفتار ناکا، واتە، ئێمە بڕوا ناکەین، کەسێک، کە نووسەر ئاوا باسی لێوە بکات، لە دونیای واقیعدا بەو شێوەیە ڕەفتار بکا، کە نووسەر لە

ڕۆمانەکەیدا ناچاری دەکا. بۆ نموونە، ئەگەر کارەکتەرێکمان هەبێ قوربانی بە هەموو شتێک بدا لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام کاتێک لە ئامانجەکەی نزیک دەبێتەوە، بە بێ هیچ هۆکارێکی روون، دەستبەرداری بێ، ئەوا ڕەخنە لە شێوازی دروستکردنی ئەو کارەکتەرە دەگرین. ئەمە لەبەر ئەوە نییە، گوایە خەڵک لە دونیای واقیعدا هەندێک جار دەستبەرداری ئامانجەکانیان نابن، کاتێک لەو ئامانجانە نزیک دەبنەوە. زۆر خەڵک وا دەکەن. هەندێ کەس لە گەیشتن بە ئامانج یا بەرپرسیارێتییەکان دەترسن، بەڵام ئەگەر ئەم کارەکتەرەی ڕۆمان یەکێک بێ لەمانە، پێویستە ڕۆماننووس لە ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی کارەکتەرەکەوە بۆ خوێنەر بیسەلمێنێ و قایلی بکا، کە کارەکتەرەکەی، بە ڕاستی، یەکێکە لەو جۆرە کارەکتەرانە.

کاتێک ئێمە، وەکوو خوێنەر، لە دونیای واقیعدا ببینین یەکێک ڕەنگە بەو شێوەیە ڕەفتار بکا، کە ڕۆماننووس لە ڕوونکردنەوە یا دروستکردنی کارەکتەری ناو ڕۆماندا پیشانی دەدا، ئەو کاتە ڕوونکردنەوە و دروستکردنی کارەکتەرەکەمان لەلایەن ڕۆماننووسەکەوە بەلاوە پەسندە، نەک لەبەر ڕێکوپێکی دارشتنی کارەکتەرەکە یا سەبارەت بە بەردەوامبوونی بە شێوەیەکی ڕاست و دروست یان لەبەر ئەوەی ڕەفتارەکەی بۆ ڕووداوەکان پێویستە، بەڵکوو سەبارەت بەوەی لە باری سایکۆلۆژییەوە ڕێی تێدەچێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دەشێ لەم بۆچوونە بەهەڵەدا بچین، بە تایبەتی ئەگەر زانیاریمان دەربارەی سرووشت و مەودای ڕەفتارکردنی مرۆڤ سنووردار بێ، چونکە، لێرەدا، مەسەلەکە پەیوەندیی بە پاشخانی ڕۆشنبیری مرۆڤەوە هەیە.

ئەم پێوەرە تەنانەت ئەو مەرجەش جێبەجێ دەکا، کە زۆر جار باسی لێوە دەکرێ و دەڵێ، نابێ کارەکتەری ڕۆمان تەنیا ڕەنگدانەوەی دونیای دەرەوە بێ، بەڵکوو دەبێ شتێکی تازە بخاتە پاڵ ئەو دونیایە، چونکە، تەنانەت ئەگەر هەر کارەکتەرێک لە ڕۆماندا تەنیا ئەو تایبەتمەندێتیانەی هەبێ، کە مرۆڤ لە دونیای واقیعدا هەیەتی، بەڵام ڕاستییەکە ئەوەیە، کە ڕۆمان ئەم تایبەتمەندێتیانە وەکوو کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی تازە دەخاتە ڕوو. هەڵبەت ئێمە ناتوانین بە پاڵنەرەکانی کارەکتەری ڕۆمان بزانین یا تێیانبگەین، ئەگەر لە دونیای واقیعدا ئەزموونمان لەگەڵیاندا نەبێ، واتە، ئەگەر ترس، تووڕەیی، خۆشەویستی یا هەر هەست و سۆزێکی تر، کە مرۆڤ لە دونیای واقیعدا پێیانەوە ئاشنایە، ئەو پاڵنەرانە نەبن، کە کارەکتەری ڕۆمان دەبزوێنن و هانی دەدەن. ڕەنگە لە هەموو دونیا کەسێک نەبێ ڕێک وەکوو هاملێت بێ. کەواتە شەکسپیر، بەو شێوەیەی کارەکتەری هاملێت پیشان دەدا،

شتێکی تری دەخاتە پاڵ، کە ڕەنگە ئێمە ئەزموونمان لەگەڵیدا نەبێ، نەک هەندێک دیو دووبارە بکاتەوە و هیچی تر. بۆیە کاتێک ئەم کارەکتەرە بێهاوتایە دەخەینە دۆخێکی بێهاوتا، کە پێشتر هیچ مرۆڤێک پێیدا تێنەپەڕیوە، ئەو کاتە بەتەواوی کارەکتەری ڕۆمان و دۆخەکەشمان لەبەردەستدا دەبێ و دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین، ئەو کارەکتەرە بێهاوتایە لە دۆخە ئاڵۆز و تایبەتییەکان چۆن ڕەفتار دەکا. لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە ئێمە دڵنیا بین، کە کەسێکی ئاوا لە هەلومەرجی ئاوادا ڕەنگە وەک ئەو کارەکتەرە ڕەفتار بکا، کە ڕۆماننووس پیشانی دەدا.

بە هەرحاڵ، ڕەنگە هەموو کەسێک ئەو رایە بە پەسند نەزانێ، کە دەڵێ، ڕاستییەکان دەربارەی سرووشتی مرۆڤ، گرنگن یان، تەنانەت ئەگەر گرنگیش بن، تاڕادەیەک فۆرمەکەی ئەرەستۆ وەردەگرن، کە ڕاستییەکی سەرتاسەری پیشان دەدەن، وەک لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. ئۆسکار وایڵد قسەیەکی بەناوبانگی هەیە، لە پێشەکی ڕۆمانی "وێنەی دۆریان گرای"دا دەیخاتە ڕوو، پوختەکەی ئەوەیە، کە ڕۆمان وێنە سەرەتاییەکان پیشان دەدا و خەڵکیش دەبن بە وێنەی دەقاودەقی ئەوان، زیاتر لەوەی ژیان ئەو وێنانە ببەخشێتە ڕۆمان[1]. لە دونیای واقیعدا هیچ وێنەیەکی دەقاودەقی کارەکتەرێکی ئاڵۆزی وەکوو هاملێت یان جان سۆرێل لە ڕۆمانی "سوور و ڕەش"ی ستاندال یان چارلز سوان لە ڕۆمانی "گەڕان بەدوای کاتی بەسەرچووو"ی مارسیل پرۆست نییە، هیچ کاتێکیش بانگەشەی ئاوا لە ئارادا نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێ ڕەفتار و ڕوونکردنەوەی کارەکتەر لە ڕۆماندا بەو ڕادەیە ڕاستەقینە و زیندوو بن، کاتێک لە دونیای واقیعدا تووشی کەسانێکی دیاریکراو دەبین، وادەزانین وێنەیەکی دەقاودەقی کارەکتەرێکن، کە ڕۆماننووسێک دروستی کردووە. ئێمە یەکەمجار کارەکتەری دۆنکیشۆتەی سێرڤانتس دەخوێنینەوە، پاشان، کە لە دونیای واقیعدا کەسێک دەبینین تا ڕادەیەک لە دۆنکیشۆتە دەچێ، دەگەڕێینەوە بۆ ڕۆمانەکە، وەکوو سەرچاوە بۆ جۆری ئەو کەسە: وێنە بنچینەییەکەی ئەو جۆرە کەسە لە ڕۆماندا دەدۆزرێتەوە. خەڵک لە دونیای واقیعدا ڕۆمانمان بیر دێننەوە. ئەگەر ڕۆمان نەبا، هەرگیز بیرمان لە کارەکتەرێکی لە جۆری دۆنکیشۆتە نەدەکردەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەرچی سێرڤانتس سەبارەت بە ڕوونکردنەوەی کارەکتەرە سەرەکییەکە بەهرەدارە، بەڵام هەندێک تایبەتمەندێتی، وەکوو زیادەڕۆییەکی ڕۆمانتیکیانەی سەیر، هێرشکردنە سەر دوژمنی خەیاڵی... تاد، لە واقیعی

[1] . بڕوانە:
Oscar Wilde, Preface to The Picture of Dorian Gray, 1981

ژیانی خەڵک وەرگرتووە. ڕاستییەکە ئەوەیە، یەکەم جار خەڵک لە دونیا هەبوون، زۆر دوای ئەمە ڕۆمان دەرکەوت. ئێمە یەکەم جار خەڵک دەبینین، وەکوو خۆمان، ترس و خۆشەویستی و گیانی تۆڵەسەندنەوە و چەندان هەستی تر دەیانبزوێنن، دوای ئەمە، کارەکتەرەکان دادەڕێژین، کە بەم ڕێگایانە دەبزوێندرێن، نەک بە پێچەوانەوە. وێنە سەرەکییەکان لە ژیاندا هەن، بەڵام وێنە دواناوەندییەکان، دواتر لە ڕۆماندا دەردەکەون و خەڵکیش لە واقیعی ژیاندا بە نۆرەی خۆیان لەوان دەچن. نابێ بیریشمان بچێ، کە هەموو کەسێک ئەو وێنە سەرەکیانەی ژیان، یان هەموو دیوەکانی ئەو وێنە سەرەکییانە نابینێ، وەکوو ڕۆماننووس دەیانخاتە ڕوو، با لە ژیانی ڕاستەقینەشدا هەبن.

بەهەرحاڵ، ڕەنگە مرۆڤ، بە هەمان شێوە بپرسێ، ئاخۆ پێویستە کارەکتەری ڕۆمان بە هەمان سرووشتی ڕاستەقینەی مرۆڤ، وەکوو لە ژیاندا هەیە، هەڵبسەنگێنین، بە تایبەتی کاتێک ئەمە پێویستیی بە زانیارییەکی دروست و بەجێ و ڕوون هەیە دەربارەی خەڵک. بۆ نموونە، زۆربەی خەڵک هیچ زانیارییان لەبارەی هەڵسوکەوتی کەسێکی تووشبوو بە شیزۆفرینیاوە نییە. بۆیە، ئەگەر یەکێک بەم نەخۆشییەوە لە ڕۆمانێکدا دەربکەوێ، ئایا خوێنەر دەتوانێ ڕەفتاری کارەکتەرەکە لە باری سایکۆلۆژییەوە بە وردی هەڵبسەنگێنێ؟ فرۆید پشتگیری لە پیشاندانی نەخۆشی دەروونیی کارەکتەرەکەی دیستۆفسکی کرد، کە بەپێی شیکردنەوەی زانستی، زۆر ورد بوو. ڕەنگە ئەمە بۆ دۆخی ئەو کەسانەی لەباری سایکۆلۆژییەوە نەخۆشن، ڕاست بێ، بەڵام ئایا هەموو خوێنەرێک بە ڕاستی پێویستیی پێیەتی؟ دەشێ پیشاندانی کارەکتەر بەم شێوەیە لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ هاوتەریب بێ، بەڵام ئایا پێویستە خوێنەر بە وردەکاریی ئەم وێنە سایکۆلۆژییە بەم شێوەیە بزانێ؟ ئایا مرۆڤ دەتوانێ زیاتر لە ڕۆمان بگا، ئەگەر ژمارەیەک کتێبی دەربارەی نەخۆشییە دەروونییەکان خوێندبێتەوە؟ ئەمە لەو پرسیارانە نییە، مرۆڤ چاوەڕوانی وەڵامەکەی نەکا، ڕەنگە یەکێک بڵێ: بەڵێ، من ئێستا، نەک هەر لە دونیای واقیعدا، بەڵکوو لەناو ڕۆمانیش، باشتر خەڵک دەناسم. وا دابنێ یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانێک وای لێ هاتووە، کە بەدرێژایی ژیانی ڕقی لە ژن بێ، چونکە دایکی پەیوەندییەکی سۆزداری لابەلای هەبووە، بەڵام گریمان زانستی سایکۆلۆژیا بەو ئەنجامە گەیشت، کە باریکی ئاوا ڕەهەندێکی دەروونی زۆر جیاوازی هەیە و دایکەکە زیاد لە پێویست پارێزگاری لە کوڕەکەی دەکا و بەوپەڕی هەست و سۆزەوە دڵی لای ئەوە. لێرەدا، ئایا پێویستە ڕەفتاری کارەکتەری ڕۆمان لەگەڵ ئەم ڕوونکردنەوە زانستییەی سایکۆلۆژیا هاوتەریب بێ؟ ئایا ئەوەندە بەسە، کە پاڵنەرەکان لە ڕۆماندا بۆ خوێنەر بەجێ بن و ڕێیان تێ بچێ و هیچی

تر، بێئەوەی گوێ بە لێکدانەوە زانستییەکە بدا؟ ئەگەر وابێ، بۆ کامە خوێنەر؟ بۆ هەر خوێنەرێک؟

ئایا پێویستە پێوەری راستی، دەربارەی سرووشتی مرۆڤ، بەو شێوەیەی لێ بکرێ، کە ڕەها نەبێ و لەگەڵ ئەو کەسەی، کە ڕۆمانەکە دەخوێنێتەوە یان بۆ کەسێکی تەواو ڕۆشنبیر بگونجێ؟ ئەگەر کەسێک پێیوابێ ڕەفتاری کارەکتەری ڕۆمان ڕێی تێدەچێ، ئەوا لەبەر ئەوەیە، ئەو هیچ هەڵەیەک لە ڕەفتار و دارشتنی کارەکتەرەکە نابینێ، تەنانەت ئەگەر ڕەفتاری کارەکتەرەکە بۆ دەروونزانێکی شارەزا یان پزیشکێکی نەخۆشییە دەروونییەکان پەسندیش نەبێ. لەوانەیە پزیشکێکی نەخۆشییە دەروونییەکان زۆر کەم و کورتی لە ڕەفتاری کارەکتەرەکەی ناو ڕۆمان بدۆزێتەوە: ڕەنگە بە بەڵگەوە ڕایبگەیەنێ، کە هیچ کەسێک لەو هەزاران کەسەی پێشتر چاوی پێیان کەوتووە، بەو شێوەیە ڕەفتاریان نەکردووە و بەپێی ئەو بنەمایانەی، بە سەرەتای نەخۆشییەکی تایبەتیی مێشک تێکچوون دەزانرێ، هیچ کەسێک ئاوا ڕەفتار ناکا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕەنگە کەسێکی ئاسایی بەمە نەزانێ و پێیوابێ دارشتنی کارەکتەرەکە بەدەرە لە هەر گلەیی لێکردنێک. مرۆڤی ئاسایی هیچ کەموکورتییەک لە دارشتنی کارەکتەرەکە نابینێ، بۆیە، بە دارشتنەکە قایلە، ئەگەرچی ئەوانەی زیاتر لە سایکۆلۆژیا دەزانن بە دارشتنی کارەکتەرەکە قایل نابن. پەسندکردن یا پەسندنەکردنی ڕەفتار و دارشتنی کارەکتەر دەوەستێتە سەر ئەوەی، مرۆڤ لە خوێندنەوەی ڕۆمان چی دەوێ یا چاوەڕوانی چی دەکا. ئەگەر یەکێک هەر بۆ خۆشی بخوێنێتەوە، ئەوا دەکرێ، لانیکەم مرۆڤی ئاسایی، دڵی باشتر بە ڕواڵەتییەکەی خۆش بێ لەوەی بە قووڵاییەکە، بەڵام ئەگەر بیەوێ لە خوێندنەوەی ڕۆمان، زانیاریی بەدەست بێنێ، بە تایبەتی ئەگەر بەدوای بینینێکی قووڵتر بێ دەربارەی سرووشتی مرۆڤ، ئەوا دەبێ بزانێ، ئەوەی ئەو دەربارەی ڕاستییەکانی سرووشتی مرۆڤ دەیزانێ، بەو شێوەیە نییە.

کەواتە، ڕەخنەکە ئەوەیە، لەوانەیە ڕەفتار و شێوەی دارشتنی کارەکتەرەکانی ڕۆمان لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ لە دونیای واقیعدا، هاوتەریب نەبن، بەڵام دەکرێ ڕۆمانەکە پەسند بێ. پێچەوانەی ئەم نارەزاییە ئەمەیە: دەشێ ڕەفتار و دارشتنی کارەکتەری ڕۆمان جێگەی ڕەزامەندی نەبێ، بەڵام لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ لە دونیای واقیعدا هاوتەریب بێ یا دەتوانین بڵێین، وشک و ناخۆش و بێئەنجام بێ یان هەر نارەزایەتییەکی تری هاوشێوەی بخرێتە پاڵ. ڕەنگە نووسەر بە بەڵگە ئێمە بەدرۆ بخاتەوە و بڵێ، خەتاکە هی

خوێنەرە، نەک هی ئەو، هەروەها بڵێ، ئەگەر خوێنەریش ئەزموونی فراوانتر با، بڕیارەکەی جیاواز دەبوو.

بەهەرحاڵ، هاوتەریببوونی ڕەفتاری کارەکتەر لەگەڵ ڕاستییە سایکۆلۆژییەکان قووڵایی دەبەخشێتە کارەکتەری ڕۆمان، پێچەوانەی ئەمەش، ڕۆمانەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە کارەکتەرێکی ڕووکەش دێنێتە بەرهەم، بەوپێیەی ئەلقەیەک لە دارشتنی کارەکتەرەکە بزرە. لێرەدا، ڕاستی و ڕەوایی کارەکتەرەکە مەودایەکی سنووورداری دەبێ و ناگاتە ئەو ئاستەی ببێتە کارەکتەرێکی زیندوو، بەڵکوو، بە بۆچوونی"ئی. ئێم. فۆرستەر"[٢]، دەبێتە کارەکتەرێکی دووڕەهەند زیاتر لەوەی سێ ڕەهەندی هەبێ. ئەم ڕووکەشێتیە لە کارەکتەر لەو ڕۆمانانەی، کە بە "mystery novels" ناسراون، وەکوو ڕۆمانە پۆلیسییەکان بە ئاشکرا دیارن. ئەو ڕۆمانانە دەربارەی تاوانێکی نادیارن و کارەکتەرەکە لێکۆڵینەوە لە تاوانێکی نادیار دەکات، نموونەش بۆ ئەمە، شارلۆک هۆڵمز و جۆن واتسنی یاریدەدەریەتی لە چیرۆکەکانی شارلۆک هۆڵمز، هەروەها ڕۆمانەکانی ئەدگار ئالان پۆ و ئاجاسا کریستی. کارەکتەر تەنیا یەک تایبەتمەندێتی هەیە، کە بۆ خوێنەر ئاشکرایە: کەسێک خراپەیەکی لەگەڵدا کردووە و ئەویش بەدوای تۆڵە سەندنەوەیە. ڕەنگە ئەمە لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ هاوتەریب بێ، بەڵام ئەم خەسڵەتە بەتەنیا بەس نییە بۆ ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری کارەکتەرەکە. ناشێ ڕۆماننووس بە دڵنیاییەوە ڕایبگەیەنێ، کە ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەلی کارەکتەر تەنیا بە پیشاندانی دیوە ڕاستەقینە ڕووکەشەکە، جێبەجێ دەبێ.

کارەکتەر ئەو کاتە قووڵایی دەبێ، کە فرەڕەهەند بێ. ڕۆماننووسەکان لە دروستکردنی کارەکتەرە سەرەکییەکان، ئینجا کارەکتەرە پاڵەوانەکە بێ یا دژەکە، پەنا بۆ ئەم فرەڕەهەندییە دەبەن، ئەگینا لەپاڵ ئەم کارەکتەرە سەرەکیانە کارەکتەری تریش بەکار دێنن، کە تاکڕەهەندن و قووڵاییان نییە، وەکوو کارەکتەری "جێرترووود" لە شانۆنامەی هاملێت، کارەکتەری "خاتوو مۆدی" لە ڕۆمانی "کە باڵندەیەکی لاساییکەرەوە دەکوژێت" لە نووسینی هارپەر لی. هەڵبەت کارەکتەری فرەڕەهەند کارەکتەرە سەرەکییەکانی ڕۆمانن، کە ڕووبەڕووی هەلومەرجە دژەکان دەبنەوە و لەم ڕووبەڕووبوونەوەشدا گۆڕانکاریان بەسەر دێ و گەشە دەکەن. ئەم کارەکتەرانە بەدرێژایی ڕۆمانەکە وەکوو

---

[٢] . بڕوانە:
E. M. Forster, Aspects of the Novel (London: E. Arnold, 1937

خۆیان نامێننەوە. بۆیە، دەستنیشانکردنی تایبەتمەندێتییەکانیان لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە دەبێتە کارێکی سەخت. ئەم کارەکتەرانە وەکوو کارەکتەری خەڵکی ڕاستەقینە ئاڵۆزن، چەندان دیوی ناکۆک و نەگونجاویان لە کەسایەتییەکانیاندا هەیە. بۆ ئەوەی کارەکتەری سەرەکی لە ڕۆماندا ڕێی تێ بچێ، پێویستە فرە ڕەهەند بێ، واتە دیوی دەرەوە و دیوە سۆسیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکەی تێدا بەرجەستە بێ. دیوی دەرەوەی کارەکتەر، هەموو ئەو شتانە دەگرێتەوە، کە بۆ دونیای دەرەوە دیارن، لەوانە، کەسایەتییەکەی، بەڵام پێویستە بیرمان نەچێ، کە دەشێ کەسایەتییەکەی ڕاستەقینە بێ، هەروەک لەوانەیە ساختە بێ و وا خۆی پیشان بدا، وەکوو کارەکتەری مۆنتریسەر لە چیرۆکی "بەرمیلی ئەمانتیلادۆ"ی ئەدگار ئالان پۆ، کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد. بۆیە، خوێنەر، بەبێ پەنابردن بۆ ڕەهەندێکی تر لە ڕەفتارە ڕووکەشەکانی کارەکتەرەکە ناگا. دیوی دەرەوە تایبەتمەندێتییە فیزیۆلۆژییەکانی کارەکتەریش دەگرێتەوە، وەکوو، باڵاکەی، ڕەگەزی، باری تەندروستیی، ڕەنگی پێستی، شێوەی جەستەی، ڕەفتاری، سرووشتی (تووڕەیە یا هێمن) و چەندانی شتی تر. دیوە کۆمەڵایەتییەکە بریتییە لە پێگەی کۆمەڵایەتی کارەکتەر، پیشەکەی، حەز و خولیاکانی، هەڵوێستەکانی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی... تاد. بۆ ئەوەی مرۆڤ بە تەواوی لە کارەکتەر بگا، پێویستە بە بنج و بناوانی ئەم تایبەتمەندێتییە کۆمەڵایەتیانە بزانێ، واتە، ئەگەر لە هێزی جووڵێنەری گەشەکردنی کارەکتەر تێنەگا، بە تەواوی بە پاڵنەرەکانی کارەکتەر نازانێ. ئەوەی دەبێتە هۆی ململانێکانی ناو دونیای ڕۆمان و ئاڵۆزی و ناکۆکی ناو چیرۆکەکە دروست دەکا ئەو پاڵنەرانەن.

هەڵبەت ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکەی کارەکتەر ڕەنگە بەرهەمی دوو دیوەکەی پێشووتر بێ یا نەبێ. ئێمە لە چوارچێوەی ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکەدا، ترسێکی گەورە لە شتێک یا بارێک، جۆرێک لە شێتێتی، شەرم، فۆبیا، لێکدانەوەی بەجێ، شێتگیریی، هەستیاری، توانای تایبەتی، بەهرە و لێهاتوویی... تاد، ئەو کارەکتەرە دەدۆزینەوە. هەڵبەت دونیابینی و ڕەفتار و جورئەتی بڕیاردان بەستراوەتە بەو ڕەهەندانەوە. ئەمانە ئامرازەکانی ڕۆماننووسن لە دروستکردنی کارەکتەری ئاڵۆز، تۆقێنەر، هەروەها کاریگەر، کە خوێنەر لەگەڵیدا هاوسۆز دەبێ. زۆر نووسەر تەنیا بە ڕەهەندی یەکەم ڕازین و هیچی تر، زۆری تریش تەنیا لەسەر ڕەهەندی دووەم دەوەستن و بایەخ بە هی سێیەم نادەن. زۆر ڕۆماننووسیش ناتوانن ئەم مەودایانە پێکەوە تێکهەڵکێش بکەن بە شێوەیەک، کە جێگەی ڕەزامەندی بێ. ئەمە هونەری گێڕانەوەی چیرۆکە. بەدەر لە دەستگرتن بەم پرەنسیپە بنچینەییانە، هیچ پەیڕەونامەیەکی

تر نییە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک، بەڵام نابێ بیرمان بچێ، کە پەیوەندی نێوان ئەم ڕەهەندانە وا دەکا ڕۆمانەکە بە تەواوی مانابەخش و بەجێ بێ.

هەڵبەت نموونە بۆ کارەکتەری فرەڕەند لە ڕۆماندا زۆرن. کارەکتەری وینستۆن سمیس لە ڕۆمانی ١٩٨٤ی جۆرج ئۆروێل کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەیە و ناوەکەی لە فەرماندەی ئینگلیزی وینستۆن چەرچل وەرگیراوە. ئەم کارەکتەرە سیونۆ ساڵە، هەموو ژیانی بۆ خزمەتکردنی وەزارەتی ڕاستی تەرخان دەکا و مێژوو دەنووسێتەوە. پاشان دژی ڕێساکانی حیزب دەوەستێتەوە و عەشقی ژوولیا دەبێ. ئەمەش کارێکی شۆڕشگێڕانەیە و لە یاداشتنامەکەی دەینووسێ. وینستۆن سمیس کارەکتەرێکی فرەڕەهەندە. لە کاتێکا کەسایەتییەکەی بەدرێژایی ڕۆمانەکەدا گەشە دەکا، ئەوەی لە مێشکی دایە، وەک خۆی نامێنێتەوە و هەمیشە لە گۆڕان دایە. وینستۆن ئەو کارەکتەرە سەرەکییەیە، کە بەو مەترسیانە دەزانێ، کە لە داهاتوو ڕووبەڕوویان دەبێتەوە. بۆ نموونە، هەر لە سەرەتاوە دەزانێ، کە ئەندامانی حیزب یاداشتنامەکەی دەدۆزنەوە و ئەو شتانەی تیادا نووسیونی لە دژیدا بەکاریان دێنن، هەروەها بەوەش دەزانێ، کە پۆلیسی نهێنی بە دەست تێکەڵاوکردنە قەدەغەکەی دەزانێ لەگەڵ ژوولیا. بۆیە، بە نەگۆڕیی نامێنێتەوە و کارەکتەرێکی فرەڕەهەندە. ئۆروێل لە چاوی وینستۆنەوە دونیای پڕ ترس و تۆقاندن دەبینێ و خوێنەریش لەم ڕێگەوە شارەزای ئەو دونیایە دەبێ.

بیرکردنەوە قووڵ و دووروودرێژەکانی وینستۆن بوار بە ئۆروێل دەدەن بابەتە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە بپشکنێ، لەوانە، بابەتی زمان، وەکوو ئاڕاستەکەری بیر و لێکدانەوەکان، هەروەها بابەتی ترس و هەڕەشەی سەر ڕەهەندە فیزیۆلۆژی و سایکۆلۆژییەکە و بەکارهێنانی زیرەکانەی ئەو ڕەهەندانە، جگە لە پشکنینی گرنگی زانیارییەکانی ڕابردوو. خەسڵەتە سەرەکییەکانی وینستۆن، بەدەر لە سرووشتی بیرکردنەوە، یاخیبوون و بڕوابوونە بە چارەنووسەکەی. ئەو بە جۆشەوە ڕقی لە حیزبە تۆتالیتارییەکەی دەسەڵاتە، کە "براگەورە"ی حاکمی ڕەهای "ئۆشینیا" سەرۆکایەتی دەکا. وینستۆن دەیەوێ سنوورەکانی دەسەڵاتی ئەو حیزبە بپشکنێ. بەدرێژایی ڕۆمانەکە چەندان تاوان ئەنجام دەدا، هەر لە نووسینی دروشمی "بڕووخێ براگەورە" لە یاداشتنامەکەی، هەروەها پەیوەندیی خۆشەویستی قەدەغەکراوی لەگەڵ ژوولیا تا دەگاتە خۆپەروەردەکردن بە بیروباوەڕی ڕێکخراوی "برایەتی"، کە ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕە و سەرۆکەکەی "ئیمانوێل گۆڵدستاین"ە و دژی حیزبە تۆتالیتارییەکەی دەسەڵاتە. لە کۆتایی

ڕۆمانەکەدا، "ئۆبریان"، لە هەوڵەکەی سەردەکەوێ و وینستۆن دەکاتە ئەندامێکی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕییەکەی "برایەتی". هەڵبەت، وینستۆن وادەزانێ ئۆبریان ئەندامێکی ڕێکخراوی "برایەتی"یە، بەڵام، ڕاستییەکەی، لایەنگری چیزبی "براگەورە"یە. لێرەدا شۆڕشگێڕییەکەی "وینستۆن" ئاشکرا دەبێ و ئەوەی "ئۆبریان" دەیکا تەنیا بۆ ئەوەیە، "وینستۆن" بە داوەوە بکا و پلانەکەشی سەردەگرێ. دواجار "وینستۆن" دەڕووخێ و ملکەچی "براگەورە" دەبێ. هەڵبەت "وینستۆن"، کە پێیوایە ناتوانێ خۆی لە چارەنووس لابدا، خۆی دەخاتە بەر چەندان مەترسی، وەکوو، بڕواکردن بە "ئۆبریان"، بەکرێگرتنی ژوورێک لەسەر دووکانەکەی جەنابی چارینگتۆن. ئەو لە ناخەوە دەزانێ، کە ئەو مەترسیانە بواری زیاتر بە پۆلیس دەدەن تا دەستگیری بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی بڕوای وایە، کە دەسگیر دەکرێ، گوێ بەوە نادا، کە دەیکا و لە یاخیبوونەکەی بەردەوام دەبێ. "وینستۆن" لە دونیایەکدا دەژی، مەحاڵە تیایدا گەشبین بێ، با گەشبینییەکە ڕەوا و بەجێیش بێ. لەبەر ئەوەی هیچ ئومێدێکی ڕاستەقینەی تێدا نییە، بۆیە، خۆی بە ئومێدی ساختە دەبەستێتەوە و سووریش دەزانێ ساختەیە.